# ئەپیکور ناڕازییە لە ڕێکار و هەنگاوەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق

کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی بواری نەوت و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە نیازێکی پاکەوە دەستیان بە گفتوگۆ کرد لەگەڵ حکومەتی عێراق و نوسینگەی سەرۆکوەزیرانی فێدراڵ محەممەد شیاع سوودانی، بە ئامانجی گەیشتن بە بڕیارێک بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری عێراق-تورکیا، بەشێوەیەک ئەو بڕیارە هاوتەریب و گونجاو بێت لەگەڵ رێککەوتنە یاساییەکانمان و بوودجەی عێراق.

ئەمڕۆ بۆمان روونبوویەوە وەزارەتی نەوتی عێراق ئامادە نیە گفتوگۆ لەسەر چارەسەرێک بکات کە تێیدا رێز لە گرێبەستەکانی ئێمە بگرێت، هەوڵدەدات پرۆسە و رێگەیەک بگرێتەبەر کە بەشێوەیەکی تاکلایەنە جێگرەوەیەک بۆ چوارچێوە یاساییەکە و گرێبەستە بەرکارەکانمان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دابنێت.

**ئەم هەنگاوانەی وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق قبوڵکراو نین، کۆمپانیا ئەندامەکانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور)، ئامادە نین دەستبە هەناردەکردنەوەی نەوت بکەن، هەتا ئەوکاتەی پابەندبوونێک لە حکومەتی عێراقەوە نەبێت و تێدا رێز لە گرێبەستەکانمان بگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پابەندبوون و دڵنیایی هەبێت لەبارەی شێوزای وەرگرتنی پارەی فرۆشی نەوت، لە رابردوو و بۆ داهاتووش.**